کاتز: پلانێکی هەمیشەیی دژی ئێران دادەڕێژین

یسرائیل کاتز، وەزیری بەرگری ئیسرائیل ئەمڕۆ هەینی ڕایگەیاند، سوپای وڵاتەکەی ڕاسپاردووە کە پلانی ئۆپەراسیۆنی دژ بە ئێران ئامادە بکەن.

وەزیرەکە ڕایگەیاندووە کە "پلانی ئۆپەراسیۆنەکە بریتییە لە پاراستنی باڵادەستی ئاسمانی ئیسرائیل و لەگریکردن لە پێشخستنی بەرنامەی ئەتۆمی و بەرهەمهێنانی مووشەک و وەڵامدانەوەی پشتیوانییەکانی بە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی ئیسرائیل".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئیسرائیل بەردەوام کاردەکات بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم هەڕەشانەی ئێران، هەڕەشە لە تاران دەکات کە ئۆپەراسیۆنی شەڕ هەڵهاتن تەنها سەرەتای سیاسەتێکی نوێی ئیسرائیلە".

وەزیری ئیسرائیل جەختی لەوە کردەوە کە "ئێران لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە هیچ پارێزبەندییەکی نییە".